کوردستان نێت
KURDISTAN NET

# ڕۆشنبیری سەلەفی و سەلەفی مۆدێرن



پێشتر کورتە فیلمنامەیەکم نووسیبوو لەو بابەتەی کە دوکتۆرێک نەخۆشەکەی دەنێرێ بۆلای نووشتەنووسێک و لای وایە ئەو زۆرتری لەدەست دێ و.. نەخۆشەکە کاتێ دەچێتە لای نووشتەنووس دەبینێ کە بەدەیان کامێرای دیجیتاڵی و کۆمپیوتێر چاودێری دەکرێ و ژووری تایبەتی نووشتەنووس ژوورێکی ئەوپەڕ ۲۰۰۰ یەو..

ئەو فیلمنامەیە لەهیچ کوێ بڵاونەکرایەوە بەڵام ئێستا واهەست ئەکەم باشم پێکابوو ؛ واتە لای ئێمە دوکتۆر و بەناو رۆشنبیران زێدەتر سەلەفین تاوەکوو ئەوکەسانەی سەلەفی و خورافی یان پێدەڵێین..

مەبەستم لەم پێشەکییە کورتە رەخنەکاری وتار یان با بڵێین وتوێژێکە کە بە ناوی کەسێک بەناوی د- شارویران لە ژمارە ٤٢ی پیام کردستاندا لەسەر قەیرانە ناوخۆییەکان بڵاوبۆتەوە. (باجارێ لەوەش بگەرێین کە چۆنە لە بڵاوکراوەیەکی ناوخۆییدا ئاوەها بەئاشکرالە ئەو باسە دێتە ئاراوە) باوەڕکەن ئەم کابرادوکتۆرە( ئەگەر "د" یم بەنیشانەی دوکتۆر خراپ نەخوێندبێتەوە) سەدئەوەندەی نووشتەنووسێک سەلەفیانە روانیویەتە بابەتێک بەناوی جیابوونەوە و ئینشعاب و شتی وا. واهەست ئەکرێ ئەو دوکتۆرە(!!) لە سەدەی پازدەهەم بەم لاوە نەک هەرهیچی لەسەر رێنسانس، مودێرنیتە، مودێرنیزاسیۆن و مافی تاک و کۆی جیهانی و... نەخوێندۆتەوە، لەوە دەچێ نەشی بیستبێ..

ئەو کابرا کاتێ باسی جیابوونەوەی دووباڵی حیزبێکی سیاسی دەکا دەڵێ: ' دیارە ئەمە خراپترین حاڵەتە و تەواو حیزب چل ساڵ دەگەڕێنێتەوە بۆ دواوە و دەیباتە سەدەی چلەکان کە کوت کوت و لەت لەت بوو..." (پیام کردستان، ژ٤٢،ل١٦) رەنگە من زۆر ئاگاداری مێژووی حیزبەکان نەبم و کاری منیش ئەوە نیە... بەڵام ئەگەر هەرجۆرە رێکخراوەیەک لە چلەکاندا لەت لەت بووبێ و لە شەستەکاندا گەورەتر بووبێتەوە ئەو لەت لەت بوونە بە قازانجی بووە نەک زەرەر.. هەرچی بێ من زێدەتر باری کۆمەڵایەتی باسەکەم مەبەستە و ئەمهەوێ بەکورتی بڵێم: هەموو کەس و گرووپ و تاقمێک( بەهەر بیر و بڕواو کردەوەیەک) مافی ئەوەی هەیە؛ لەگەڵ یا نالەگەڵی کەس و گرووپ و تاقمێکی پێشتر هاوگرووپ و ناهاوگرووپ بێ یان نەبێ و یەکگرتن و جوێ بوونەوەش نەک هەر رەوتێکی نەرێنی(سەلبی/ منفی) نیە، بەڵکوو نیشانەی رەوت و بزاڤ و نەوەستانی ئەو کەس یان گرووپە کۆمەڵایەتی یان ئابووری و سیاسی (و چووزانم هاوجنسباز)ەیە.. واتە ئەگەر سەردەمانی کلاسیکی(یان بەگوتەی فۆکۆ مەعریفەی کلاسیکی) بە پێکەوەبوونەکان و تاک رەهەندییەوە دەناسرێتەوە، جیهانی مودێرن بەهەموو جیاوازیی و جوێبوونەوەکانیەوە هاتە پانتای فەلسەفە و ئەدەب و بەربەرەکانێی جنسایەتی و چینایەتی و ناچتنایەتی و ئابووری و کۆمەڵایەتیەوە...

واتە مەرجی سەرکەوتن و گەشەی (بۆنموونە) ئەدەب، جوێ بوونەوەکان بوو لە کلاسیسم و مەرجی گەشەی بزاڤی سیاسی کۆمەڵایەتیش بەهەمان شێوە جوێ کردنەوەی زمان و نیشانەکانیان بوو بە هەموو بنەما و پێکهاتە و عەقڵ و کردەوەی هاودژ و ناتەبایانەوە.. مرۆڤ و رێکخراوەکانیشی لەو یاسا نوێ و جیهانیە بەدەر نین. لەم یاسادا راوەستان، یانی گەنین؛

"موج خروشندەای سری برآورد و گفت - هستم اگر میروم.. گر نروم نیستم"

ئەگەر لەناو رێکخراوەشارستانیەکانیشدا ئەو جوێ بوونەوە و یەکگرتنەوە نوێیانە هەبوونی نەبێ مانای ئەوەیە یان تووشی خەوی زستانی بوونە و لەدنیای واقیعدا نازین، یان لە گۆیەکی دیکەی ئەم کاکێشانە ژیاون و...

ئەو یەکیەتیەش کە جەنابی دوکتۆر باسی دەکا یەکیەتییەک بوو لە سەر ئەساسی گەنین.. و ئەم جوێ بوونەوەش نەک نیشانی قەیران و لاوازی و گەڕانەوە بۆ دەهەی چلەکان نیە، بەڵکوو راست بە پێچەوانەوە هەوڵگەلێکە بۆ خۆنوێکردنەوە، یەکدەستکردنەوە و"زایش" و لەسەررا یەکگرتنەوەی جیدیتر لە چەندلاوە... هەروەها بۆ هەوڵ و تێهەڵچوونەوەی چەند بەرەیی نوێ و ئەزقەزا فارس گوتەنی دەبێ بە"فالّی نیک" ی بگرینەوە نەک "بەد"..

ئەوە بەرەی یەکگرتووی داهاتووە کە دواجاربەهەموو جیاوازیەکانەوە لەسەر خاڵە هاو بەشەکان دێتە سازکرن و ئەو رێکەوتنەش نابێ لەسەر پێشێلکردنی جیاوازیەکان ساز بێ، بەڵکوو بەپێی "بە رەسمییەت" ناسینی هەموو جیاوازیە فیکری و کردەوەیی و.. سەردەگرێ..

سەردەمی ئستالین و پاراستنی ریزەیەکگرتووکانی جیهانی کۆتایی هات ...

ئێستا دەورەی ریزەجیاوازەکانی هەموو رێکخستە و تاکەکانی مرۆڤە و ئەو بەرە یەکگرتوانەی کە لەو هەموو جیاوازیانە پێک دێ.. کاتی خۆی ئەورووپاش ئەم لەت لەت بوونانەی زۆر بەخۆوە بینی دوای ئەوەی جیاوازیەکان بەرەبەرە دەرکەوتن و بەرەسمی ناسران ئێستا بەرەیەکی گەورەتری وەک ئەورووپای هاوبەش لە سازبووندایە... لەم لەت لەت بوونانە مەترسە دوکتۆر گیان! رەنگە بەرەی گەورەتر دواجار لە سازبووندابێ...

بەرەیەک لە سەر مۆنیتۆرێکی بچووکی دیجیتاڵی، کە هەموو جیاوازیەکانیش تیایدا بە رەسمیی دەناسرێن... بەو هیوایەوە

س - ئاوەدان